# حوکمی جنێودان بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ

ئامادەکردنی: م/ سەرباز ئەحمەد

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله والصلاة وسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه:**

کاتێك کە بیدعەی خەواریج[١] سەری هەڵدا، ئەوانەی کە هاوەڵە بەڕێزەکانی وەکو: (عەلی و موعاوییەو عەمری کوڕی عاص) ﷺ، وجگە لەوانەشیان[٢] بە کافر دانا، لە بابەتی ناوبژیوانی (التحكيم)، وە لە پاڵ ئەوەشدا بیدعەی زێدەڕەویش لە عەلی و ئال و بەیتەکەی و هەندێك لە ئال و بەیتی پێغەمبەری خوا ﷺ، و کەمێکیش لە هاوەڵانی سەری هەڵدا، بۆیە لەوکاتەوەو بە ئێستاشی لەگەڵ بێ لەلایەن هەندێ خەڵکی دژ بە ڕۆشنایی و ناحەزو خوانەناس و نەزان، بەناوی مۆدێرن و دروشمی زاق و بریقەوە بێ ئەدەبی دەکرێت بەرامبەر بە هەڵگرانی چرای ڕۆشنایی و ماندونەناسان لە خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان‌دا، بە پەیدابوونی هەردوو کۆمەڵی گومڕای: (روافض[٣] ونواصب[٤])، کە یەکەمیان زێدەڕەوییان کرد لە هاوەڵاندا، و بەرزیان کردنەوە بۆ

---

(١) خەواریج: بریتین لەو تاقمە گومڕایەی کە لە گوێڕایەڵی خەلیفەی موسڵمانان (عەلی کوڕی ئەبو طالیب) دەرچوون و خوێنی موسڵمانانیان بە حەلاڵ زانی، وە ئەم کۆمەڵە، خەڵك بەکردنی تاوانە گەورەکان بێجگە لە (شیرك ) بەکافر دادەنێن, ئەگەریش تاوانەکە بە حەلاڵ نەزانن، وە پێیشیان دەوترێت (حروری) چونکە ئەوانە لە شارێك بەناوی ( حروراء) لە دووری دوو میل لە کوفە کۆدەبوونەوە.

(٢) بەداخەوە پێویستە لێرەدا بڵێین: بێ ڕێزی نواندن سنورەکانی بەزاندوە، هەر بە هاوەڵانەوە نەوەستاون، بەڵکو تەنانەت کەوتونەتە گیانی پێشەنگی مرۆڤایەتیش ﷺ، وەکو یەکێك لەو بەناو بانگخوازە ئیسلامیەی کە لەسەر شــــاشەی تەلەفزیۆنە ئاسمانیەکان دەردەکەوێت و لە ولاتی خۆشمان وتار و کۆڕەکانی وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و زۆر بەخۆشحاڵیەوەو بە بانگەوازیشی دەزانن!!! کە لە یەکێك لە کۆڕەکانیدا دەڵێت: (پێغەمبەر ﷺ، لە بیست و شەش هەوڵی دا (محاوله)، شکستی خواردووە، کەچی خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾ [الأحزاب: ٢١] .

واتە: بە ڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ، چاکترین نمونەی سەرمەشقی و چاولێکەریە بۆ ئێوە، بۆ کەسێك بە هیوای خواو پاداشتی ڕۆژی دوایی‌یە و زۆر یادی خوا دەکات. وە بەڕاستی ئەوە قسەیەکە، بەرامبەر بە گەورەی دروستکراوەکانی پــەروەردگار کراوە، کە هیچ موسڵمانێك جورئەت ناکات بیڵێ، بەڵام خۆشبەختانە ئەم جۆرە کەسانە لە لایەن زانایان و بەرگریکارانی ئیسلامەوە وەڵامیان دراوەتەوەو، وەڵامیان دەدرێتەوە ـ إن شاء الله ـ، بۆ بەرگری کردن لە ئیسلام، و بۆ ئەوەی خەڵکی بە قسەکانیان گومڕا نەبن, چونکە بەڕاستی ئەمانە شکست خواردوون، لە بەدەست هێنانی زانستی شەرعی، و بانگەوازی ڕاستەقینە، وە ئەو کەسانەش شایەنی هیچ نین، تەنها ئەوە نەبێت کەپێیان بڵێین: (إنا لله و إنا إليه راجعون).

(٣) روافض بریتین لە گومڕاترین تاقمی ئەهلی بیدعە، و زۆرترین دژایەتیان هەیە بۆ هاوەڵان، وە بۆیە پێیان دەوترێت: ( روافض)، چونکە ڕەفزی پێشەوایەتی (ئەبوبەکرو عومەر) (رضي الله عنهم) یان کرد، یان لەبەر ئەوەی ڕەفزی ( زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو طالب) یان کرد، کاتێك پرسیاریان لێ کرد دەربارەی: (ئەبوبەکر و عومەر)، ئەویش سەنای کردن و فەرمووی: ئەوانە دوو وەزیری باپیرم (پێغەمبەر) ﷺ، بوون، وە ڕافیزە پێچەوانەی (ناصب)ەکانن .

ئاستی پەرستن، و دووەمیشیان کەوتنە بێ ئەدەبی و بێ ڕێزی نواندن پێ یان ﷺ، جا بۆیە خوێنەرانی بەڕێز دەمانەوێ لەم گۆڤارە بەسوودەدا خوای گەورە سەرپەرشتیارانی سەرکەوتو وپارێزراو بکات لە دونیاو قیامەت، باس لە ترسناکی جنێو[٥] و بێ ئەدەبی بکەین، بەهەلگرانی نوری ئیسلام ـ هاوەڵان ـ ﷺ، چونکە بێ ئەدەبی بەوان بێ ئەدەبی و تانە دانە لە ئیسلام، وپەیامبەری ئیسلام ﷺ، و ئەو قورئانەش کە دابەزیوەتە سەری ﷺ. لەبەر ئەوەی تانە دانە لەئیسلام، چونکە ئەوان ﷺ، ناوەندو هۆکار بوون بۆ گەیشتنی ڕووناکی ئیسلام بە ئێمە، وە تانەش لەوان تانەیە لەو شتەش کە هێناویانە، وە تانەشە لەو قورئانەی کە بە چاکە وەسفی کردوون، کە ئەگەر کەسێك بێ ئەدەبی کرد لە ئاستیاندا، ئەو کاتە دەبێتە هۆی بەدرۆخستنەوە بۆ ئەو ئایەتانەی کە سەنای ئەوان دەکات، وەکو خودای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١٠٠)﴾ [التوبة: ١٠٠].

واتە: موسڵمانە پێش کەوتوەکانی پێشین لە کۆچ کردوو وپشتیوانەکان (واتە سەلەفی ساڵح)، وە هەروەها ئەوانەش کە شوێنیان کەوتون بەباشی، پەروەردگار ڕازی بووە لێیانو ئەوانیش ڕازی بوون لێی، وە بەهەشتانێکی بۆ ئامادەکردوون کە ڕووباری زۆریان بەژێردا دەڕوات، و بە بەردەوامی تیایدا دەمێننەوە، وە ئەوە سەرفرازی مەزنە.

لەبەر ئەوەش تانەیە لەسەروەرمان ﷺ، چونکە مانای وایە کە پێغەمبەری ئیسلام نەیتوانیوە هاوەڵانێکی چاك بۆ خۆی هەڵبژێرێ، وە نەتوانیویشیەتی کاریگەری باشەی هەبێت بە سەریانەوە ـ حاشَ وكَلاّ بەڵکو خۆی ﷺ، هۆشیاری داوە لەترسناکی جنێو وتانەدان بە هاوەڵانی بەرزو بەڕێز ﷺ، وەکو فەرمویەتی:

(لعنَ الله من سبَّ أصحابي)[٦].

واتە: لەعنەتی خوا لەو کەسەی جنێو بە هاوەڵانم دەدا.

وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت: (من سبَّ أصحابي، فعليه لعنة الله والملائكة والنّاس أجمعين)[٧].

واتە: هەر کەسێك جنێو بە هاوەڵانم بدا، ئەوا لەعنەتی خواو فریشتەکانو هەموو خەڵکیشی لەسەربێت.

وە پێغەمبەر ﷺفەرموویەتی: (إذا ذكر أصحابي فامسكوا)[٨] .

---

(٤) نواصب بریتین لەو کۆمەڵە گومڕایەی کە دەستیان کرد بەدژایەتی ئال و بەیت، و کەوتنە تانەلێ دان و بریندار کردنیانو جنێو پێ دانیان، ئەوانە پێچەوانەی گرۆی گومڕای ڕافیزەن، کاتێك بینیان زێدەڕۆی (رافضە)، لە بەرامبەر هەندێك لەئال و بەیت، ئەوانەش بەرپەرچیان دانەوە، بە دژایەتیان بۆ ئال و بەیت ... (قابلوا البدعة ببدعة).

(٥) جنێو: بریتییە لە گشت ئەو قسەو ووتنانەی کە مەبەست پێی بەکەم زانینو گاڵتە پێ کردن و سوکایەتی پێ کردن بێت، و ببێتە مایەی ئازاردانی هەست و دەرونی کەسانی بەرامبەر ..

(٦) (صحيح الجامع الصغير: ٥١١١) .

(٧) (سلسلة الأحاديث الصحيحية: ٢٣٤٠).

(٨) (سلسلة الأحاديث الصحيحية: ٣٤).

واتە: کاتێك باسی هاوەڵانم کرا خۆتان بگرن‌و قسەیان لەسەر مەکەن بە خراپە. نەك وەکو خەڵکی وا هەیە دەڵێت: (هەڵبەتە ئی واشیان هەیە کە من لەکاتی ناو هێنانی دا گوتنی (رَحِمَهُ الله) یان (غفرالله لَهُ) م پێ چاکتر و گونجاوترە ! !)، ! ! !

پەنا بەخوا لە نەزانین، ئای لەو قسە ترسناکە ! ! ! دەبێ جەنابی قسەکەر ئاگای لە ئایەتەکانی خوا نەبێ؟ وەکو ئایەتی: ﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ﴾،

واتە: پەروەردگار ڕازی بووە لێیان و ئەوانیش ڕازی بوون لێی .

وە جگە لەوەش چەندان ئایەت و فەرمودەی تر، کە بەچاکە باسی هاوەڵان دەکەن، بەڵام بەڕاستی ئەو جۆرە قسەیە ئەوەمان پێ دەڵێت: کە خاوەنەکەی کاریگەرە، بەو کەسانەی جنێو وقسەی ناشیرین بە هاوەڵان دەڵێن, سەرەڕای کاریگەر بوونیشی پێیان، دەکەوێتە مەدح و سەناشیان و بە شۆڕشگێڕ و زاناش ناویان دەبات، ئەگینا خەڵکی ئەم سەردەمە چین؟؟ تا بە فلان هاوەڵە بەڕیزە نەڵێن (غفرالله له)، یان (رحمه الله)، ئەوا خوای تەعالا دەیخاتە دۆزەخەکەی خۆیەوە ! !.

وە تەنانەت ئیمامی ئەهلی سوننە لەم سەردەمە ابن باز (رحمه الله)، دەفەرمووێت: (پێویستە ئەو کیتابانەی کە تێیاندا جنێو بە هاوەڵان دراوە بدڕێندرێن)، ئەگەرچی خەڵکانێك گومان دروست دەکەن ودەڵێن نوسەرەکانیان زاڵم‌و ستەمکاران کوشتویانن، ئێوەش دێن باسی عەیبەیان دەکەن، ئێمەش لە وەڵامیاندا دەڵێین: بەڕاستی ئەوانە ـ نوسەری ئەو جۆرە کتێبانە ـ شەرم لەو کەسانە ناکەن کە پێغەمبەر ﷺ، و فریشتەکانیش شەرمیان لێ کردوون، سەرەڕای ئەوەش دێن بەدرۆزن‌و نیفاق‌و فێڵباز‌و بەرتیل چی وەسفیان دەکەن، پەنا بە خوای گەورە.

## <u>بۆیە لێرەدا پێویستە باس لە جۆرەکانی جنێو بە هاوەڵان رضي الله عنهم و حوکمەکانیان بکەین:</u>

١– جنێو بە کەسێکی دیاری کراو لە هاوەڵان لەگەڵ ئەوەی کە قوڕئان و فەرمودەش مەدح‌و سەنای کردبێ، وەکو: (ئەبو بەکرو عومەرو عائیشە) و تەواوی دایکانی ئیمانداران رضي الله عنهن، ئەوە کوفرەو وا لە جنێودەر (سابّ) دەکات کە لەئیسلام بچێتە دەر ـ پەنا بە خوا ـ، وە پێویستیشە بکوژرێت، کە ڕوون بووەوەو هەر سوریش بوو لەسەری . .

٢– جنێو پێ دانیان بەو ئاستەی ببێتە مایەی کافر کردنی زۆرینەی هاوەڵان یان فاسق بوونی زۆرینەیان، ئەوا کوفرە، چونکە بە درۆخستنەوەی خواو پێغەمبەری خوایە،– چونکە خواوپێغەمبەر ﷺ، سەنای ئەو هاوەڵانەیان کردووە–... و مانای وایە کە گوێزەرەوان (نقلة) ی قورئان‌و فەرمووده کافر یا فاسق بووبن ـ پەنا بە خوا ـ .

٣– جنێو پێ دانیان لە بەکەم گرتنیان و نەفرەت لێ کردنیان، ئەوا بۆ کافر بوونی جنێو دەر (سابّ)، دوو ڕا هەیە لە ناو زانایاندا، لەسەر وتەی ئەوانەی کە دەفەرموون کافر ناکرێت، بەڵام دەفەرموون پێویستە تەمێ بکرێت، یا حەپس بکرێت تا دەمرێت، یا دەگەڕێتەوە لەوەی کە ووتویەتی، و شایەتی درۆزنی خۆی‌و تاوانەکەی دەدات.

٤– جنێو پێ دانیان بەوەی کەبریندار یان ناکات لە ڕوانگەی دینداری یانەوە، بەڵام بە ترسنۆك و ڕەزیل وەسفیان بکات ـ پەنا بە خوا ـ، ئەوا کافر ناکرێت، بەڵام پێویستە تەمێ بکرێت، بەوەی وازبهێنێ لەبێ ئەدەبی بەچاکترین خەڵکانێك دوای پێغەمبەری خوا....بۆیە شێخی ئیسلام ابن تيمية ( رحمه الله)، لە کیتابی (الصارم المسلول) دا، قسەی ئیمامی ئەحمەد (رحمه الله)، نەقڵ دەکاتو دەفەرمووێت:

(بۆ کەس دروست نییە کە باسی شتێ لە خراپەی هاوەڵان بکات، وە نابێت تانەش بدا لە یەکێکیان، ئینجا بە عەیب لێ گرتنی بێ، یا بەکەم باسی بکا، هەر کەسێ ئەوە بکا تەمێ دەکرێت، کە تۆبەی کرد، ئەگەرنا حەپس دەکرێت، تا دەگەڕێتەوەو واز دەهێنێت ....)

**پوختەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە دەربارەی هاوەڵان (رضي الله عنهم)،**

أ– خۆشویستی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ، چونکە خۆشەویستی ئەوان لە ئیمانەوەیەو بوغزاندنیشیان لە نیفاقەوەیە... لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ، دەربارەی ئەنصار رضي الله عنهم فەرموویەتی:

**(لايحبّهم إلاّ مـؤمن، ولا يبغضهم إلاّ منافق)**[٩] .

واتە: هەر بڕوادار خۆشی دەوێن، وە هەر مونافیقیش دەیان بوغزێنن.

**ب- دڵیان سەلامەتە لەڕق و کینە بۆ هەموو هاوەڵە بەڕێزەکان، بۆ هێنانەدی وجێبەجێ کردنی فەرمودەی خوای پەروەردگار کە دەفەرمووێت:**

﴿وَالَّذِينَ جَاءُو مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ ﴿١٠﴾﴾ [الحشر:١٠] .

واتە: ئەو ئیماندارانەی کە لە دوای ئەوانەوە هاتوون ودێن (موهاجیرو ئەنصار)، دەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە! لە گوناهەکانی ئێمەو ئەو برا ئاییینە ئیماندارانەشمان خۆش ببە، کە لەپێش ئێمەوە ڕۆیشتوون، وهیچ ڕق و قینێك بەرامبەر ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە، مەخەرە ناو دڵمانەوە,! ئەی پەروەردگاری ئێمە! بەڕاستی تۆ زۆر خاوەن بەزەیی و میهرەبانیت.

ج– سەرەڕای ئەوەی کە دڵیان سەلامەتە، ئەوا زمانیشیان لە بەرامبەریاندا هەر سەلامەتەو، هیچ کامێکیان باس ناکەن، بەچاکە و ڕێزەوە نەبێت، چونکە ئەوانە گەلێکن، پێغەمبەریش ﷺ، کەرامەتی پاراستوونو فەرموویەتی:

(لا تَسُبُّوا أصحابي، لا تَسُبُّوا أَصـــــحابي، فوالّذي نفسي بيَدِهِ لو أَنفقَ أحدُكم مثلَ أُحدٍ ذهباً ما أدرك مدَّ أحدِهم ولا نصِيفَه)[١٠].

---

(٩) (رواه البخاري: ١١٣/٧، ومسلم: ١٨٥/١).

(رواه البُخاري: ٣٦٧٣, ومسلم: ٢٥٤١). (١٠)

واتە: جنێو بە هاوەڵانم مەدەن، جنێو بە هاوەڵانم مەدەن، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر یەکێك لە ئێوە بەقەد شاخی ئوحود زێڕ ببەخشێ ناگاتە مشتێکی ئەوانو ناگاتە نیو مشتیشیان.

ئەو فەرمودەیە بەڕوونی قەدەغەی کردووە جنێودان بەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ, بەڵکو باسی گەورەیی و چاکەیان دەکات، بۆیە لەعنەت لێ کردنیان زۆر زۆر گەورەترو ترسناکترە لەجنێودان، وە هەر دووکیشیان ـ نەفرەت و جنێو ـ لە گوناهە گەورەکانن، وەکو ﷺ دەفەرمووێت: (لعن المؤمن كَقتله)[11] .

واتە: لەعنەت کردن لە ئیماندار، وەکو کوشتنیەتی .

د– هەروەها باوەڕیان وانییە کە هاوەڵە بەڕێزەکان پارێزراو بوون لە تاوان کردن، بەڵکو پێیان وایە، تێ کەوتنیان لەگوناهی بچوك یا گەورە ـ مادام مرۆڤن ـ، بەڵام خوای پەروەردگار لێیان خۆش دەبێت، بەیەکێك لەم هۆکارانە .......

(١) یا تەوبەیان کردووەو خوای گەورەش بەو هۆیەوە دەرەجەی بەرز کردوونەوە .

(٢) یان بە هۆی کردنی چاکەوە، دیارە چاکەش خراپە ڕەش دەکاتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَالَّذِي جَاءَ بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ أُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ (٣٣) لَهُم مَّا يَشَاءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ذَلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ (٣٤) ﴾ [الزمر: ٣٣ ــ ٣٤] .

واتە: ئەو کەسەش کە قورئانی پیرۆزی هێناوە- مەبەست پێی پێغەمبەرە ﷺ، وە بەخەڵکی ڕادەگەیەنێت ـ، و ئەوانەش کە باوەڕیان پێی هێناوە، کە لە لایەن خواوە هاتۆتە خوارەوە، وە فەرمانەکانیشی جێبەجێ دەکەن، ئەوانە بەڕاستی خوا دەناسنو خۆیان دەپارێزن، لەشەریك بڕیاردان بۆی، ئەو جۆرە کەسانە لەڕۆژی دوایی دا ئەوەی بیانەوێت لە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت ـ کەنەچاو بینیویەتی وە نەگوێش بیستویەتی وە نە بە خەیاڵی هیچ کەسێکیش دا هاتوە ـ هەموویان لەلایەن خوای گەورەوە پێ دەدرێت، ئەوەنازو نیعمەتانەش پاداشتی کەسانی چاکەکارە، چونکە بەڕاستی هاوەڵان ﷺ، گەورەترین گەلێك بوون، کە ڕاستگۆ بوون لە ئیمانەکەیانداو بە ڕاست دانەری پێغەمبەریش ﷺ بوون، وە چاکەو فەزڵی واشیان هەبووە، کە دەبنە هۆکاری سڕینەوەی ئەوەی ڕووی دابێ لێ یان.

(٣) وە تەنانەت خوای گەورە لەوان ﷺ، زیاتر خۆش دەبێ، وەك لە خەڵکی تری دوای ئەوان, چونکە ئەوان چاکترین چاخ وسەردەم بوون، و خێرو چاکەشیان لەخێرو چاکەی خەڵکی دیکە گەورەترە....

(٤) هەروەها ئەوان لەهەموو کەس زیاتر لە خوا ترساوون، و سوریش نەبوون لەسەر تاوان، بەڵکو زۆر بەپەلە بوون بۆ تەوبەکردن، کاتێك کە گوناهێکیان لێ ڕوودابێت، تۆبەیان کردووە، خوای پەروەردگاریش، تۆبەکەی وەرگرتوون.

(٥) سەرەڕای هەموو ئەوانەش، خوای گەورە هاوەڵانی ﷺ، زۆرتر تاقی کردۆتەوە، لەسەرەتای هاتنی ئەم ئیسلامە پیرۆزەو، نارەحەتی زۆریان لە بەرامبەر سەرانی کوفردا چێشتوە، هەموو ئەوانەش هۆکاری سڕینەوەی تاوانەکانیانن جا خۆشەویستەکان ئەگەر ئەوە لەبەرامبەری تاوانەکانیان بێ، ئەی چی دەڵێن بەرامبەر بەو بابەتانەی کە تێیدا ئیجتیهاد یان

(١١) (صحيح الجامع الصغير: ٧١٠).

کردوه، ئەوەی کە پێکابێتی ئەوا دوو پاداشتی هەبووە، وە ئەوەشی کە نەی پێکابێ پاداشتێکی هەبوە لەسەر کۆششەکەی. بۆیە خوێنەرانی بەڕێز:

زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە کۆ دەنگن (إجماع)، لەسەر ئەوەی کە واجبە بێ دەنگ بین، لە باسکردنی ئەو ئاژاوانەش کە لە نێوان هاوەڵە بەڕێزەکان ڕوویانداوە، لە دوای شەهادەتی ئیمامی عوسمان ﷺ، وەکو یەکێك لە زانایانی پێشین (سلف)، کاتێك کەپرسیاری لێ کرا، دەربارەی ئەوەی کەڕووی داوە لە نێوان هاوەڵانی خۆشەویست، فەرموویەتی: مادام ئێمە بەدەستەکانمان بەشدار نەبوین, با بە دەمیشمان بەشدار نەبین‌و باسیان نەکەین، پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە:

﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٣٤﴾﴾ [البقرة: ١٣٤].

واتە: ئەو ئوممەتە تەواو بوون‌و ڕۆیشتن، کارو کردەوەکانیان هەر بۆخۆیانەو، ـ لە ڕۆژی دواییدا هیچ کەسێك بە چاکە، یان بە خراپەی کەسێکی تر نەپاداشت وەردەگرێت، و نەسزا دەدرێت ـ، وە ئێوەش کارو کردەوەکانتان هەر بۆ خۆتانە ـ، جا چاکە بێت، یان خراپە ـ، وە پرسیارتان لێ ناکرێت لەسەر کردەوەی ئەوان، بۆیە پێویستە خوشك‌و براکانم دان بنێن بە فەزڵ وچاکەی هاوەڵان ﷺ، و ئەو خزمەتە زۆرەی پێشکەشیان کردووە، چونکە ئەوەی کە باس کراوە دەربارەیان زۆربەی درۆیەو زیادەو کەمی زۆری پێ کراوە، لەلایەن ناحەزانیانەوە ﷺ، نەك وەکو هەندێك خەڵك کە خۆی بە زاناش دەزانێ‌و دەشڵێ: (بەڵێ من لەگەڵ هەموو ڕێزێکم بۆ زانایانی پێشینمان بە هیچ ڕەنگێك قسەی: (ونُمسكُ عمّا جرى بين الصحابةِ ونرى الكلَّ مأجورين)م بۆ هەزم ناکرێ مەگەر بۆ خەڵکی عەوام‌و ڕەشۆکی)! ! دیارە باسکردنی ئەو ڕوداوانە لای جەنابی خواردنن، تا هەزم بکرێن یا هەزم نەکرێن، وە بەڕاستی ئەو قسەیە ئەوەی لێی تێ دەگەین گوزارشت لەخۆبەزل زانین و سەرسام بوونە بەخۆ،ـ العُجب والتّكبّر ـ و هیچی تر، ئەگەرنا قسەی ئاوا چۆن دەبێ بگوترێت دەرهەق بەو ڕوداوانەی کە زانایانی نزیك لەهاوەڵانیش ﷺ، قسەیان تێدا نەدەکرد، چونکە زۆر لە خواترساون‌و زانیویانە مرۆڤ لەسەر هەموو بچوك‌و گەورەیەك پرسیاری لێ دەکرێتەوە، نەك وەکو خەڵکی ئەم سەردەمە دەبێ لە هەموو بابەتێك قسەی هەبێ ئەگەر شیاویش نەبێ! ! ! خەڵکانێك ﷺ، کە خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان دەکردە فیدای پێغەمبەر ﷺ, وبەرگری کردن لە ئیسلام.... ئێمەش بکەوینە تانە لێ دانیان! ! !.

بەڕێزان کۆتایی باسەکەشمان بەقسەی شێخی ئیسلام ابن تيمية (رحمه الله)، دێنین سەبارەت بەتانە دان لەخیلافەتی یەکێك لەخەلیفە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ, بەوەی کە دەفەرموێت:

(مَن طعَن في خلافةِ أحدٍ من هؤلاءِ فهو أضلُّ، مِن حمارِ أهلِه).

واتە: هەر کەسێك تانە بدات لە خیلافەتی یەکێك لەو خەلیفە بەڕێزانە، ئەوا لە گوێ درێژی ماڵەوەیان گومڕاترە،.. چونکە بە ڕاستی ئێمە دەبێ ئیمانیشمان بەو ڕیزبەندییە هەبێ،ـ الترتيب ـ، لە پێشەوایەتیاندا، نەك پێمان وابێ، دەبو بۆ

نمونە ئیمامی عەلی ﷺ، لە پێشەوەی خەلیفە بەڕێزەکانی تر بوایە... چونکە کە پێشی بخەین بەسەریاندا، گومڕا دەبین ـ پەنا بەخوا ـ، چونکە ئەوە دینە، و پێویستە تەسلیمی ببین بێ هیچ خۆ بەزلزانینێکەوە.

پەروەردگارا بمان گێڕی لەو کەسانەی هاوەڵانی پێغەمبەرەکەتیان خۆش دەوێن، و شوێنیان دەکەون، و سەنایان دەکەن، و بەرگری یان لێ دەکەن ........ **آمين آمين**.

وصلى الله وسلم على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اتبعهم الى يوم الدين.

## سەرچاوەکان


**١- ئایا دروستە موسڵمانان بە خۆیان بڵێن سەلەفین؟**

عبدالوالي عبدالرحيم علي. **چ٢/ ١٤٢٨ك ، چاپەمەنی سیما، سلێمانی.**

**٢**- الإصابة في فضائل وحقوق الصحابة ﷺ، عبدالله بن صالح القصير، ط١/١٤٢٧هـ، الرياض.

٣- اعتقاد أهل السنة في الصَّحابة ﷺ، د.محمد بن عبدالله الوهيبي، الرياض، ١٤٢٦هـ.

٤- التحذير من السبّ في الصّحابة ﷺ، سلسلة المنهيات الشّرعيّة، القسم العلمي بدار الوطن،١٦.

٥- **تەفسیری گوڵشەن**، نظام الدين عبدالحميد، ص١،٢٠٠٤، **چاپخانەی ئسوە.**

٦- تيسير الكريم الرّحمن في تفسير كلام المنّان، ط١٤٢٢/٢ هـ، دار السّلام للنشر والتوزيع، السعوديّة.

٧- شرح العقيدة الواسطية، لجمع من العلماء، دار ابن الجوزى، القاهرة.

**٨- گۆڤاری ڕێگای ڕاست، ژمارە (٣ /١٤٢٤.ك، ساڵی ١ + ژ٧ /١٤٢٧ك، ساڵی ٤).**

٩- عدالة الصحابة ﷺ، عند المسلمين، د.محمد محمود لطيف الفهداوي. ط١٤٢٨/١هـ، مكتبة الرشد ناشرون، الرياض.

***- لەگەڵ هەندێ سەرچاوەی تر.**


==============================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**